# هێڵی سوور بۆ دەسەڵاتدارانی باشوور

زانا کوردستانی



ئێمە عەیامێکە بۆئێوەمان بەجێهێشتووە و وەستاوین ، سەیری رووداوەکانمان دەکرد بزانین کێشە نەتەوایەتیەکانمان بەتایبەتی بابەگوڕگوڕ و موسل و شنگار و خانەقین و ناوچە دابڕاوەکانی‌تر بەکوێ‌دەگەن .. ئێوەمان کردە پێشڕەوی خۆمان و حەڤدە ساڵ پەرلەمان و حکومەت و هێز و دەسەڵات و داهاتەکانمان خستە بەردەستان هەر ڕێکنەکەوتن .

لەسەرەتاوە تا ئەمرۆ مۆنۆپۆلی دەسەڵاتتان کردوە و.. بازرگانیتان بەخوێنی میللەتی کورد کردووە ، ئەمرۆ دانیشتنی پەرلەمانم بینی ،نەتەوەیەکگرتووەکان داوایان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە شەش مانگ خێراکردنی مادەکەیە بەگوتەی "دیندار زێباری" زیادکردن‌و درێژکردنەوە نییە، بەراستی سەیرە درۆ لەگەڵ خودی‌خۆشیان دەکەن‌و خودی‌خۆشیان چەواشەدەکەن..ئەوەی لە پەرلەمان بینیم جێگای بڕوا نەبوو ،ئەوەی دوێنێ (پرێس کۆنفرانس)ی بەرێزان تاڵەبانی‌و بارزانیم بینی جێگای بڕوا نەبوو، بڕوانە ئەم ترسنۆکانە وەک مناڵە باوک زاڵمەکان زەندەقیان چووە.

پێیان وایە ئێمە لەبن گوێی‌گادا نوستووین یان هۆشمان لەبەر خۆمان نەماوە یان بیناییمان لاواز بووە و شتەکان نابینین یان گوێمان کەڕ بووەو نارەوایەتییەکان نابیستین.

سەیرکەن تا ئەمڕۆش لەبەرژەوەندی تاکی خۆتان کاردەکەن و دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلی کورد لەژێرپێی خۆتان دەنێن، لەگەڵ ئەمانەش دەتانەوێت بزووتنەوەیەکی گەورەی کورد لەنێو بەرن کە بەدەیان هەزار لاوی کورد ملی چیاکانیان گرتووەو سەرۆکەکەیان لەدەرەوەی تورکیا و بەدەسیسەی هەواڵگری نێودەوڵەتی رادەستی حکومەتی عەسکەرتاری تورکیا کرا و تا ئێستاش بەدڕندانەترین شێوەزیندان کراوە،کەچی ئێوە بۆ بەرژەوەندی خۆتان و بەراسپاردەی دوژمنان داواتان لێکردن شەڕ ڕابگرن و ئەو سەربازە بەندکراوانەش ئازاد بکەن کەلەکاتی هێرشکردن بۆسەر خەڵکی کوردستان داروبەردی کوردستانیان گڕتێبەردەدا . پاشان بارەگاکانیان پێ داخستن و جێگا و ڕێگاو پێگەشتان لێگرتن و داتان بەدەستی دوژمن .. تەنانەت گوندنشینەکانیشتان وەدەرنان تا بەئاسانی لیزەر و کیمیا لەچیاکان بدەن و گەریلاکان لەنێو ببەن ، خەیاڵیان خاوە بەهیچ هێزێکی دونیا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەنێو ناچێ .

مەخابن ئەوەی ئێستا هێزی جەندرمە و مارێنزی تیرۆرست بەسەر کوردی دێنن چ جیاوازیەکی هەیەلەگەڵ تەقینەوەکەی یەکی شوباتی مەڵبەند و لقی هەولێر، ئەوەی ئەمجارە ئەمریکا دووبارەی کردەوە لەگەڵ گەلی کورد وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کەدەیان گوت ئەمریکا دۆستی گەلی کوردە..

نازانم لەسەر چی وەستاون ،چاوەڕوانی چی دەکەن، ئەوەی مالیکی ئەمرۆ بەئێوەی دەکات وەکو شەیتانی ڕەش خۆی داپۆشیوە و دانیشتنی نهێنی لەگەڵ تورکیا و ئیران لێرەولەوێ مۆر دەکات ، هاوپەیمانیی خۆی نیشاندەدات لەسەر پرۆژەی ستراتیژی نێوان میسر و سوریا و تورکیا و ئێران .. کۆبوونەوەکانیان لەدژی ئیسرائیلی دووەم لەناوچەکە سازدەدرێ.. بەهێنانەوە گۆڕی پەیمانامەی جەزائیریش ئاشبەتاڵێکی ترتان پێ‌ئەنجام دەدەن .

من دەپرسم ئایا پرۆتۆکۆلەکانی نێوان لیستی هاوپەیمانی و عەربەشۆڤێنیزمەکان لەبەغدا و دوکان بەکوێ گەیشت ، ئایا کێ بەرپرسیارە لە دۆڕاندنی ماددەی 140.. ئایا لیژنەی بەدواداچوونەوە و لێپرسینەوە لە پارەی تەرخانکراو بۆ مادەکە کە بەڕێز " قادر عەزیز" یەکێکە لە بەرپرسە گەندەڵەکانی چی بەسەرهات ، جێگای خۆیەتی لێرەدا بڵێم کاتێک ئێمە بەدوای کەناڵێک دەگەڕاین بۆ پەیداکردنی هەندێ هاوکاریی و توانای لۆجیستی بە پێویستمان زانی هاوکاریی لەنێوخۆ وەرگرین نەک وەک پارتەسیاسەکان کەهەرهەموویان بەپێی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان هاوکارییان لەدوژمنان وەرگرتووە و گەمەیان بەبزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان کردووە.. بەرێز کۆسرەت رەسوڵ گوتی : "پێویستەلەگەڵ مەڵبەندی موسڵ دابنیشن ".. ئەوەبوو لەگەڵ بەرێزان سەعدی پیرەو سەردار هەرکی و هتد دانیشتین کەچی ئەوان گوتیان : "تا پشتگیریی گروپێکی کۆنی ( زوبات ئەحرار ) هەبێت هاوکاریی حیزبێکی تازە

ناكەین" .. بەهەرحاڵ نەگەیشتینە ئەنجام و گوتیان : "برۆن بۆخۆتان لەگەڵ ( قادر عەزیز ) یەكبگرن " .. هەر رێک لەوکاتەدا بوو کەبەڕێز ( دکتۆر سەردار ) و کادیرە بەرزەکانی زەحمەتکێشان کێشەیان هەبوو لەگەڵ ( قادر عەزیز) لەسەر پارەو گەندەڵییەکان .

من نامەوێت بگەڕێمەوە سەر ڕابردوو .. تەنیا دەمەوێت بەدەسەڵاتداران ڕابگەیەنم کە کەرکوک شادەماری گەلی کوردە و ئەگەر بیبرن ئەوا خەڵکێکی ئازادیخواز و سەربەخۆییخواز هەر پەیدا دەبن لەرەگەوە بتانبڕن .

ئیدی پێویستەڕاستگۆ بن لەگەڵ میللەت .. داواتان لێدەکەم چیتر هێڵی سوور مەبەزێنن ،خۆ بکێشنەوە لەبەغدا و حکومەتەکەی مالیکی تێک بشکێنن .. هەر ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان ، ئەگەر شتێکیش هەیە لەمیللەتی دەشارنەوە ..ئامانج لەم شاردنەوەیە چیە! گوزارشت لەچی دەکات ! شاردنەوەی ڕووداوەکان بۆ چی ؟ ئەوانەی ئێوە دەیکەن پێچەوانەی ڕەوشتەجوانەکانی مرۆڤایەتین .

ئەم نووسینەی من تەنز نییە.. بەڵکو بەڕاشکاوی پێتان رادەگەیەنم و بەرانگژی هەموو کارەخراپەکانتان دەبینەوە .. ئیدی جام پڕ بووەو لەسەری دەڕژێتەوە.

2007/12/26

بەریتانیا

zana_karim_21@hotmail.com